# ئەنتیبایۆتیك جومگەسووربوونەوە دادەمرکێنێتەوە

لە گۆڤاری Arthritis & Rheumatism دا ئەنجامی توێژینەوەکانی گروپێك پسپۆری بواری ڕێوماتیزم لە 6 کلینیکی جودای ئەمێریکادا بڵاوکردووەتەوە کە لە سەر 430 ژنی قەڵەو کراوە کە جومگەکانیان تووشی سووربوونەوە بووبوون .
تەمەنی ژنەکان لە نێوان 45=65 ساڵاندابووە و هەموویان ئێسك و جومگەی سەر ئەژنۆیان تووشی سووربوونەوە بووە .
هەریەك لەو ژنانەی سەرەوە ڕۆژانە 100 ملگم (دۆکسیسلین) یان خواردووە ، لە 60٪ ژنەکان بەتەواوی ژەمەکەیان خواردووە .
پاش 16 مانگ لە چارەسەرکردن ئەو ژنانەی ئەنتیبایۆتیکەکەیان خواردبوو لە 40٪ ی سووانی جومگەکانیان دامرکاونەتەوە و باش بووەتەوە وەك لەوانی دی .
پاش 30 مانگ جیاوازیەکە گەیشتۆتە 33٪ ، تەنیا 5٪ ی ژنەکان نیشانەی لاوەکی دەرمانەکەیان تیادا دەرکەوتووە .
ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەنتیبایۆتیکی نێوبراو دەتوانێت لە 3 ژندا کە بە هۆی جومگەو ئێسك سووربوونەوە دەناڵێنن هی یەکێکیان دابمرکێنێتەوە .
توێژینەوەکە لەسەر ئەرکی National Institute of Health ئەنجامدراوە .

**سەرچاوە**

1.www.dagensmedicin.se © 050701 11:09